

دەریا ڕەواندزی

# شاسوارى خەونەكانم

(1)

ئەی نزیکتر
لەهەناسەم و
داگیرکەری،
دڵی میهرەبانم
حەز دەکەم
لەیەکەم ژوان
چاوت داخەیت و
دڵمت پێشکەش بکەم.

(2)

گەر تۆ هی "من" بی
بە سەختی مەزانە
ئەستێرەکان بێنمە خوار و
بۆ مەزنی تۆ...
بیانکەم
بەملوانکەیەکی مرواری و
لەڕۆژی هاوسەرگیریمان
پێشکەشت بکەم.

(3)

گەرەکمە،
بتکەم بە باوکێکی دڵسۆزو
مناڵەکەم...
لەسەر سینەت بخەوێ و
پەنجەکانت..
بۆنی قژم بگرێ
دەزانم کە لێتان دەڕوانم
لەهەنار مەست تر دەبم
کاتێك بە دەنگی تۆ
گوێبیستی ناوم دەبم.

(4)

تەواوی شەوەکان
هەر تۆ..
شاسواری خەونەکانم بووی
لەسەر پێخەفێکی پۆپە شین
وەك مانگ...
لەژوورەکەم دەردەکەوتی
هەناسەی غەریبی و دووری
بە شنە "با"ی سۆزو ئەوین
ون دەبوون و
لەگلێنەی چاوەکانم
دەم خەواندی
بەپێلوی چاو دامدەپۆشی
هەرچی خۆزگە و
هیوا هەبوو،
لەدڵماندا سەوز دەبوو.

(5)

کە ئێوارە دێ،
لەباڵندەکان دەڕوانم
کاتێك بەرە و
لانەکانیان کەنار دەکەن
چەند خۆشبەختانە دەخوێنن
چاوەڕوانم تۆش دەرکەوی
دەریای شینی چاوەکانم
بەسەر کەشتی میهرەبانیت

لەکەناره لەنگەر بگری.

(6)

دەزانم دێی و
هیچ کات لێم جیانابیتەوه
تۆ..
ئەوەنده خۆشەویست و مەزنی
گومان دەکەم
لەنێو دڵی دەریا
جێت بێتەوه.

(7)

تۆ...
لەماسی دەچی
بۆیه دڵنیام..
لەدڵی دەریا جیانابیتەوه.

(8)

دەزانی...
لەوەتەی خۆشم دەوێی
هەموو بەیانیەك..
لەدرزی پەنجەرەکەمەوه
لەئاوێنه خۆی دەبێنێ و
شەکەت دەبێ
لەتەنیایی ژوورەکەمه
نه چاوەڕوانی دەبات و
نه پەیامێکی تۆ...
لەسەر شوشەی ئاوێنەکەم
جێ دەهێڵێت!.

(9)

که زەردەی خۆر ئاوا دەبێ و
تۆ دەرناکەوی
چاوم پڕ دەبێ
لەئەسرین و
دڵنیا دەبم
گەر تۆ نەبی

دەریای شینی چاوەکانم
بە دڵی دەریا را نایێتەوە.

(10)

ئەی شەپۆلی ئەوینی
دڵی دەریا
هەموو چرکەیەك،
چاوەرێم کردی
چرکەکانم کرد بە کات
کەچی کات هیچی بۆ باس نەکردی!.

**کەنەدا**
**دەریا ڕەوانـدزی**